حکومەت: ئەنجامەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پاڵنەرن بۆ زیادکردنی هەوڵەکان لە سەرانی داهاتوودا

ئەمڕۆ یەکشەممە حکومەتی عێراق بەیاننامەیەکی سەبارەت بە ئەنجامی پۆلێکانی تەڕوانینی گەندەڵی بڵاوکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا کە دەست ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند: "ئەنجامەکانی پۆلێری تێگەیشتن لە گەندەڵی کە لە ١٠ی شوباتی ٢٠٢٦ لەلایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییەوە بڵاوکراوەتەوە، نیشانی دەدات کە عێراق پێشکەوتنێکی گرنگ و بەرچاو لە ڕیزبەندی وڵاتان بە ساڵی ٢٠٢٥ بەدەستهێناوە. ئەمەش بەرجەستەکردنی پابەندی نوێی حکومەت و بەشداری هەموو دامەزراوە گشتییەکانە بەرەو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و دەسپاکی و حوکمانی کەرتی گشتی."

هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە: "ئەم باشتربوونە بە ئاماژەیەکی ئەرێنی دادەنرێت بە بوونی ئیرادەیەک بە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و بەهێزکردنی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکان، و جێبەجێکردنی ئەو پێداویستییانەی کە پێویستن بە کایەی بەرێنگاربوونەوەی گەندەڵی و سنووردارکردنی."

لەڕاگەیندراوەکەدا ئەوەیش هاتووە کە: "ئەم پێشکەوتنە لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتیدا، ساڵ لە

دوای ساڵ، لە ئەنجامی ئەو هەوڵە گشتگیرانە دەت کە حکومەت ڕابەرایەتی کردووە و لە ڕێگەی پێوەکردنی چەند ئەولەویەتێک لە بەرنامەی حکومەتەکەیدا، کە دیارترینیان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، لەگەڵ پەرەشی بە دابینکردنی پاڵپشتی بە دەزگاکانی چاودێری و بەردەوامبوونی چاکسازی لە چەندین لایەنەوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی دەسپاکی لە هەموو دامەزراوە حکومییەکاندا." حکومەت لە ڕاگەیەندراوەکدا دووپاتی کردەوە کە "ئەم ئەنجامانە هاندەرن بە زیادکردنی هەوڵەکان بە ساڵانی داهاتوو بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدانیان"، هەروەها دەستخۆشی لە ڕێی دامەزراوە گشتییەکان کرد، هەر یەکە و بەپێی پسپۆڕی خۆی، کە بەشداربوون لە بەدیهێنانی ئەم ئەنجامانەدا.